# گوندی (خەندەكە)ی دێرین لە پشدەر



ئا/ محمود عمر

خەندەكە یەكێكە لەو زنجیرە گوندانەی كەبەمەنگوڕیەتی ناسراوەو هەر لەكۆنەوە تیرەی (باب ڕەسوە) هۆزی گەورەی مەنگوڕ لەو شوێنەدا نیشتە جێبوون. گوندی خەندەكە لە (٧) كیلۆمەتری ڕۆژئاوای قەڵادزێو لەڕووی ئیداریەوە بەستراوەتەوە بەناحیەی (ژاراوە)وەو تەنها (٦٠٠) مەتر لەشەقامی سەرەكی سەنگەسەر - ژاراوە دوورە. سەبارەت بەناوی خەندەكە دەڵێن ناوەكەی لە (خەندەق)ی عەرەبیەوە هاتوە كەبەشێوەیەكی بازنەیی بەدەوری گوندەكەدا هەڵكەنراوەو تاكو ئێستاش ئاسەواری ئەو خەندەقە هەرماوە، ئێستاش قوڵیەكەی (١٠ - ١٥) مەتر دەبێتو پانیەكەشی لەهەندێ شوێن لەنێوان (٣٠ - ٥٠) مەتردایە، كەبەئاسانی هەست پێ دەكرێت ئەم گوندە تەنها دوو دەروازەی هاتنە ناوەوەی هەبوە یەكێكیان لەباكورو ئەوی دیكەیان لەباشور. هەرچەندە هیچ سەرچاوەیەك دەست نەكەوت كەباس لەمێژووی ئەو خەندەقە بكات بەڵام پێ دەچێ لەدوای هاتنی سوپای ئیسلام هەڵكەنراوە، ئێستاش زۆرێك لەپیرەكانی ناوچەكە بەخەندەكە دەڵێن (خەندەكەی غەلیفەی) لەبەیتی ناسرو ماڵ ماڵیشدا بەیت بێژ ئامازەی بەو ناوە كردوەو دەڵێت كەلەبەغداوە بەرەو زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە لەشوێنێك بەنێوی خەندەكەی غەلیفەی ماونەتەوەو قاسیدیان ناردوە بۆ (گاگەش بابۆمەر) تابزانن گراویەكانیان ماون یا شویان كردوە. زۆر جاریش خەندەكە بە (خڕێ حەسارێ) نێو دەبرێت كەلەوانەیە مەبەست لەحەسار هەمان خەندەك بێت كەبەدەوری گوندەكەدا





هەڵکەنراوە. سەبارەت بەمێژووی دروستکردنو ئاوەدان بونەوەی هیچ سەرچاوەیەك لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بەپێی زۆریو فراوانی ئەشکەوتەکانیو گورستانە نێرینو



کۆنەکانی بێت مێژووی ئاوەدانی ئەو شوێنە بۆپێش هاتنی سوپای ئیسلام دەگەڕێتەوە، هەردوو گۆڕستانی چاکی گەورەو چاکی بچوك کۆمەڵێك گۆڕی تێدایە بەرەو قیبلە نەنێژراون، گۆڕی تێدایە بەرەو قودس نێژراوە، زۆر گۆڕی دیکەش لەو شوێنە هەن کەتەنها ئێسكو پروسك ماونو لەناو کوپەی گەورەدان، پێدەچێت ئەو سەردەمە راستەوخۆ لاشەی مرۆڤە مردوەکە لەناو کوپەدا ژێر گڵ کرابێت، ئێستا ئەو دووگۆڕستانە جوتە سەیدی پێدەڵێن کەدیارە ئەم ناوە تازەیەو لەوانەیە لەکۆندا ناوی دیکەیان هەبوبێت. سەبارەت بەناوی ئەشکەوتەکانی هەموویان ناوی تازەن وەکو (ئەشکەوتی مەمەندی، ئەشکەوتی گاقوڵەی، ئەشکەوتی کوژاوان، ئەشکەوتی کەندە ڕوخاوی) هەموو ئەو ئەشکەوتانە کۆنو نێرینو لەوانەیە لەگەڵ هەڵکەندنی خەندەکەکە هەڵکەنرابن کەبەداخەوە لەوساڵانەی دوایدا خەڵکانی هەلپەرستو نامەسئول تاڵانکەرانی شوێنەوارو ڕەسانەیەتی نەتەوە، هەڵساون بە هەڵکۆڵینو تێکدانی ژمارەیەك ئەشکەوت، بەتایبەتی ئەشکەوتی گەورەی بەرامبەری گوندەکە بەشۆفڵ لەپشتیەوە هەڵکۆڵراوە گویە گڵەکەی بۆچەو ڕێژکردنی شەقامی گوندێك بەکار هاتوە

کەویژدانی هیچ کەسێکی دڵسۆزو کورد پەروەر ئەمە قبوڵ ناکاتو لەوانەیشە جگە لەبردنی گڵی ئەو شوێنە مەبەستی دیکەش هەبوبێ.

کارو پیشەی دانیشتوانی :- هۆزی مەنگوڕ لەکۆنەوە بەوە ناسراون کەساڵانە گەرمێنو کوێستانیان کردوە، تەنها بەشێکی زۆر کەمیان لەوەرزی گەرمای هاویندا لەدەشت ماونەتەوەو خەریکی کشتوکاڵو کۆکردنەوەی ئالیکی زستانەی مەڕو ماڵاتەکانیان بوون، بەشی هەر زۆریان ڕوەو کوێستانەکانی قەندیل هەڵکشاونو تاکۆتای هاوینو هاتنی وەرزی سەرما لەو کوێستانە سازگارانە ماونەتەوە، هەر تیرەو بەرە بابێك لەمەنگوڕان جێوارو هەواری خۆی لەقەندیل دیاری کراوە، باب ڕەسوەکانیش لەکوێستانەکانی (مێرگژان، خەجەجیان، ئاغا سەر، شەڕگە، دۆڵ بێزەڕۆ، کەوڵان) تاوڵو ڕەش ماڵیان هەڵداون، ئێستا خەندەکە نزیکەی (٥٠) ماڵەو هەرچوار وەرزەکەی ساڵ نیشتە جێنو گەرمیانو کوێستانیان نەماوە ....

تێبینی / مامۆستا گۆران مەلا وسو هاوکاری کردم بۆ ئامادە کردنی ئەم بابەتە سوپاسی دەکەم .